## ڕێنوێنی گرگرێبەستی کرکرێ

ئەو زانیاریانەی خوارەوە باسێکی کورتی مافەکان و لێپرسراویتییە. زانیاری تەواوەتی نییە لەسەر مەرجەکانی گرێبەستی کرێ تایبەت بە ئێوە ئەگەر بتەوێت وتوویژ بکەیت لەسەر گرگرێبەستی ئێوە ئەوە پەیوەندی بکە بە ک.ن.ە (KNH).

گرێبەستی کرێ ئەو شتانەی کە پێویستە ئێوە جێبەجێی بکەن پێتان دەڵێت و هەروەها ئەو شتانەی کە پێویستە KNH بۆ ئێوەی جێبەجێ بکات.

گرێبەستەکە مافی ئێوە وەک کرێچییەک نە وەک خاوەن خانوو دیاری دەکات. ئەم ڕێنوێنە شرۆڤەی دەکات کە ئەگەر ئەو شتانەی تێیدا گوتراوە جێبەجێ نەکەن KNH دەتوانێت چی بکات.

و تەنیا داواکاریمان بەجێهێنانی شتەکانە بە شێوەیەکی گونجاو و دادپەروەرانە بە پێی یاسای ئینگلیز.

## ئەوەی لە سەرتانە بیکەن

## ئێوە و دراوسێکانتان

ئێوە هەمان مافی دراوسێکانتان هەیە و هیچ کات ناتوانن بتان ترسێنن یان داوای دەرکردنتان لە خانووەکە بکەن.

هەمان بەرپرسیاریەتیت هەیە وەکو دانی کرێ لە کاتی دیاری کراودا، ئاگاداری خانووەکەت بیت و ڕێز لە دراوسێکانت بگریت لە ڕێی هەڵسوکەوتی باشەوە.

**کـنە** (KNH) لە ڕێگەی یارمەتی دان و ئامۆژگاری سەبارەت بە چۆنیەتی ڕاڤە کردنی مافەکانت و پارێزگاری لە بەرپرسارێتی.

## کرێدان

ئەبێت دڵنیابیت لە دانی کرێ هەوڵ بدەیت کرێ دوێ نەکەوێت.

ئەگەر دوێ کەوتی لە دانی کرێ ئەوا ئەبێت کـنە ئاگادار بکەیتەوە  لە چۆنیەتی دانی کرێکە.

ئەگەر مافی وەرگرتنی یارمەتیکرێ خانوخانووت (هاوز بەنەفت) هەبوو هەموو هەوڵێکت بدە تا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک  داوای بکەیت و وەری بگریت. ئەگەر یارمەتی کرێ خانووەکەت  کرێی خانوئەوخانووەی تیا دەژی تەواو نەکرد ئەوا ئەوەی دەمێنێت خۆت تەواوی دەکەیت.

KNH یارمەتی ئێوە دەدات و لەسەر چاکترین ڕێگاکانی دانی کرێ و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی پێوەندیدار بە دارایی کە ڕەنگە تووشیاریان بن، ئاگادارتان دەکاتەوە.

## پاراستنی ماڵ

ئێوە دەبێت تێکۆشن خانووەکە خاوێن و وشک ڕاگرن.

ئێوە بەرپرسی دابینکردنی ڕازاندنەوەی ناوخۆیی ماڵەکەی خۆتانن.

ئەگەر ئێوە یان کەسانێکی تر کە لەگەڵتان دەژین و یان دێنە دیتنی ئێوە زیان بدەن لە ماڵەکە، دەبێت بیبژێرن.

ئێوە دەبێت پێش پێکهێنانی گۆرانکاری گەورە لە ماڵ و یان گۆڕینی بەکارهێنانی ئەوە بۆ بەکارهێنانی بازرگانی لە KNH نامەی ڕێگەپێدان وەرگرن.

ئێوە نابێت لە مال بۆ کاری نایاسایی وەک فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان کەڵک وەرگرن.

KNH دەتوانێت ڕێنوێنیتان بکات لەسەر پاراستنی ماڵ و هەندێ هەلومەرج کە ڕەنگە بتوانین بەپێی ئەوانە یارمەتی مسۆگەرکردنی تێچوونی ڕازاندنەوەی ماڵەکەی ئێوە بدەین.

## زانیاریی زۆرتر لەسەر دراوسێکان

ئێوە و دراوسێکانتان مافی ئەوەتان هەیە لە "شوێنێکی ئارام" لە ماڵەکەتاندا بژین. ئەمە بەو واتایە کە:

ئێوە دەبێت دڵنیا ببنەوە کە لە ڕێگای پێکهێنانی دەنگوهەرای لەڕادەبەدەرەوە بەتایبەت شەوانە و یان بەیانی زوو، ئازاری دیتران نادەن. تێکۆشن دەنگی تەلەڤیزیۆنەکە لەڕادەبەدەر بەرز نەکەنەوە و میوانی پڕ دەنگوهەرا لە شەودا بەڕێوە نەبەن.

ئێوە، دانیشتووانی ماڵەکەتان و هەر کەسێ کە دێتە چاوپێکەوتنی ئێوە دەبێت لە ئاکار و وتاری خۆیدا لە دیکەی دراوسێکان ڕێز بگرێت.

ئێوە نابێت بە توندوتیژی لەگەڵ دراوسێکان و یان کرێکارانێ کە سەردانی ماڵ ئێوە دەکەن هەڵسوکەوت بکەن.

پێوستە هیچ لە دراوسێکان نیگەران نەکەیت بەتایبەتی کە وا دەبینی ئەوان جیاوازن لە تو.

هەروەها چاوەڕێی هەمان هەڵسوکەوت بیت لە دراوسێکانتەوە.

کـنە (KNH) دەتوانێت یارمەتی و ئامۆژگاریت پێشکەش کـات بـۆ بە سـەر بـردنی ژیـانێکی ئاسوودە و هەروەها چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دروست لە گەڵ دراوسێکان.

ئەگەر بـاخچەیەکت هەبـوو بە شـێوەیەکی لێپرسـراوانە و خـاوێن بە کـاری بهێنە و دراوسـێکان نیگەران مەکە بە هەندێ کردەوە وەک سوتاندنی خەشەڵ و زبڵی باخچەکە.

## ئەو شتانەی تر پێویستە بکرێن:

ئاگادار کردنەوەی کـنـە لە ڕوودانی هەر تەنگ و چەڵەمەیەک کە ڕوو دەدات یان ڕووی داوە و ڕێگەیان پێ بدرێت بۆ دەست پێکردنی چاکسازی بنەڕەتی.

پێویستە لەسەرت ئاگاداری خانووەکە بیت لە رووی ئاسایشەوە و کلیلەکانی دەرگا بپارێزیت.

پێویستە ڕێگا بدەیت بە سەردانی کـنە بۆ خانووەکە کەمترین شت لە سالێکدا بۆ پشکنینی سەلامەتی غاز.

پێویستە(**کـنـە**) ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ دوور بێت لە خانووەکە و چۆنیەتی دانی کرێی ئەو ماوەیە کە دووریت.

پێویستە خانووەکەت نەدرێتە کەسێکیتر.

پێویستە (**کـنـە**) ئاگادار کەیتەوە لە دەرچوونت چوار هەفتە پێش لە دەرچوونت و دڵنیابە لە گەرانەوەی کلیلەکان بە دەست کارمەندی (**کـنـە**).

پێویستە خانووەکە بە خاوێنی و ڕێک وپێک بگیرێتەوە لەکاتی تەواو بوونی کاتی گرێبەستەکەدا ئەگەر نا ئەوا لەوانەیە چاککردنەوەی شتەکان لەسەرشانی ئێوە بێت.

## چی لەسەر (کـنـە) پێویستە

## تەنگ و چەڵەمەی دراوسێکان

گەر دراوسێکەت گرفتی بۆ دروست کردی و ڕێگر بوو لە بە دەست هێنانی هێمنی یاخود تەنگوچەڵەمەو پەستانی بۆ دروست کردی پێویستە کـنـە بەرگریت لێ بکات. پێویستە پەیوەندی بە کارمەندی کـنـە بکەیت بۆ یارمەتی وەرگرتن.

## ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکان

کارمەندانی کـنـە داوا دەکەن لە سەردانی ماڵەکەت بۆ هۆکارێکی پێویست یان ئێوە داوامان لێ بکەن بۆ سەردانتان ئەوا 24 کاتژمێر ئاگادار دەکرێنەوە پێش لە سەردانەکە.

## چاکسازییەکان

پێویستە لە سەر کـنـە بە چاکسازی ناوماڵەکەت وەک ئاوو کارەباو دەرگاو دیوار ئەگەر هۆکاری زەرەرەکان خۆت بیت ئەوا لەوانەیە بژاردنیان لەسەر شانی خۆت بێت.

پێویستە لە سەر کـنـە پارێزگاری لە ڕووی دەرەوەی ماڵەکە بکات بە شێوەیەکی چاکو ئەمەش شتانێکی وەک سرمیچ و دیواری دەرەوە و زێراو وبۆڕی لەبەر دەگرێت.

پێویستە لە سەر **(کـنـە)** دڵنیا بێت لە سەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەک ئاو و گەرما و غازو و کارەبا و ئێوە بەرپرسیارن لە پارێزگاری گاز و کارەبا و تومارکردنی پێوەری گاز و کارەباکە.

پێویستە لەسەر **(کـنـە)** چاکسازیەکان دەست پێ بکات لە ماوەیەکی دیاریکراو و گونجاودا بەپێی ڕێنوێنیەکانی یاسا و بڵاوکراوە زانیاریەکانی ئێمە.

## پاراستنی تەندروستی ئێوە

KNH دەبێت دڵنیا ببێتەوە لە ئامێر و ئامرازە گازسووتێنەرەکانی ئێوە و لە ساڵدا جارێک بیانپشکنێت. ئێوە بەرپرسن لە بەرانبەر هەر ئامیرێکدا کە دایدەمەزرێنن.

پێویستە لە سەر **(کـنـە)** بەپەلە هەڵسوکەوت بکات لەکاتی ڕوودانی کتووپردا وەک بەربوونی گاز لەوانەیە چووونە ژوورەوەی خێرا بو پاراستنی شتومەکە تایبەتییەکانی ئێوە.

## خۆشگوزەرانی لە خانووەکەدا

سەرەڕای بوونی هەندێ شت کە پێویستە بیکەیت وەک کرێچییەک هیوای خۆشگوزەرانیت بۆ دەخوازین لە خانووە تازەکەدا و لە بیرت بێت کە **(کـنـە)** ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و یارمەتی چۆنیەتی بەدەست هێنانی باشترین خزمەتگوزاری.